# وێنەکەت گەیشت

هێمن ڕەئووف



http://hemnrauf.kurdblogger.com/

وا بێ چرپە
وێنەکەی تۆ
لەبەرچاوما دێت و دەچێ

چاوەکانت
لە هێمنی ناوی من و
لە غەمباری دڵی خۆت و
لە تریفەی مانگ دەچێ

پرچت وەکو
پەڵە هەورێکی زستانان
بە گژ ڕووناکییدا دەچێ

وەک شەوانی بێ تۆیی من
لە تاریکترین سات دەچێ

باڵات
ئەگەر بەوەسفی شاعیرێ نەبێ
لە ڕێکو لاری مار دەچێ
وەک شیعرێکی گریاوی من
لە شەپۆلی باران دەچێ

تۆ کانییەکی لە ئەڤین

منیش ڕووبارێ لە عەشق

بۆیە ئیتر بێیەک بوونمان
لە نوێژێکی بەتاڵ دەچێ

ئێستا ئەی گوڵە نێرگزی باخی دڵم
بەڵێنێکی ئەفسانەیی
بەخۆم ئەدەم

ئەگەر دڵم
سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند
ئەم وێنە پڕ نهێنییە
بکەم بە ئاڵای نیشتیمان

هەر دەنگی تۆ
بکەم بە سروودی عەشق و
ووتەکانت ببن بە ووتاری ئەوین
نوسینەکانیشت ببن
بە یاسایەک بۆ دەستور دان ....

---

11.01.2007